# کۆمپیوتەر تەبلێتێکی گرنگ بۆ کاروباری بازرگانی



بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە کۆمپیوتەر چ ئامێرێکی گرنگە، لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر کۆمپیوتەرداهاتووە، کۆمپیوتەرە یەکپارچەکان و تەبلێت گۆڕانێکی مەزن بوو لە کۆمپیوتەردا.

کۆمپانیای MSI سیستەمێکی دوو کارەی بەناوی AP16 flex خستەڕوو، کە کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەیە بۆ کاروباری بازرگانی سوودی لێوەردەگیرێت. ئەمە یەکەم کۆمپیوتەری لەمسیە کە دەبێتە تەبلێت و لە سێ حاڵەتی وەستان، هەڵواسین بە دیوار و دانان لەسەر مێزێك سوودی لێدەبیندرێ.

ئەم پایەی کە کۆمپیوتەرەکە رادەگرێ هەتا گۆشەی 90 پلە دەسووڕێت. شاشەی کۆمپیوتەرەکە زیاتر لە 15 ئینجە. رامەکەی 64 گێگابایتە و هاردەکەی 500 گێگابایتە. خاڵی جێگای سەرنج لەو کۆمپیوتەرەدا ئەوەیە کە (فەن) واتە پانکەی بۆ دانەندراوە.

# یاری هاوڕێگای گەشتیاران

جانتای سەفەر هەمیشە یاری هاوڕێگای گەشتیارانە، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا کە هەموو شتێك بەرەو دیجیتالی رۆیشتووە دەبێت جانتاش دیجیتالی بێت، بۆ نموونە جانتای جۆری lluggage کە جانتایەکی هۆشمەندە و بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتییەوە کە لەسەر مۆبایلەکە دادەنرێت دەزانرێت کێشی ئەو کەلوپەلانەی لە جانتاکە دان چەندە و ئەگەر لە خاوەنەکەی دووربێت مەودای لەگەڵ خاوەنەکەی چەندە، هەروەها ئەگەر یەکێك بە نیاز بێت جانتاکە بکاتەوە خاوەنەکەی ئاگادار بکاتەوە. جگە لەوەش بۆ کردنەوەی لە پەنجەمۆر سوود وەردەگرێت و جگەلەوەش دەتوانێت مۆبایلی خاوەنەکەی لەکاتی پێویستدا شەحن بکاتەوە.





# لاپتۆپ- تەبلێت و دانەبەزینی باتری

ئەو کەسانەی لاپتۆپ، یان تەبلێت بەکار دێنن، نیگەرانی زۆریان تایبەتە بە دابەزینی باتری لاپتۆپ یان تەبلێت. کۆمپانیای HP لاپتۆپ تەبلێتێکی بەناوی spectre x 360 بەرهەم هێناوە، کە چوارچێوەکەی ئەلۆمینیۆمە و باترییەکەی زۆر درەنگ دادەبەزێت. شاشەکەی 13 ئینجە. لەمسییە. کوالیتیەکەی سەرووی فول ئێچ دییە. میمۆرییەکەی 4 هەتا 8 گێگابایتە. هاردەکەی 128 و 512 گێگابایتە. باتری لاپتۆپەکە گەر بەردەوام کاری لەسەر بکرێت هەتا 12 کاتژمێر دانابەزێت.





# چاودێری خەوی ئەندامانی ماڵەوە بکە

کێشەی کەم خەوی یان خەوی ئاڵۆز لەم سەردەمەدا گرفتێکی تەندروستیە. هەرچەندە لەم سەردەمەدا زۆربەی ئەرکەکانی وەك وەرزش، کەمکردنەوەی کێش، لێدان و زەختی دڵ، ...تاد بە تەکنەلۆژیای دیجیتالی سپێردراوە و تا رادەیەك چارەسەری کێشەکانی کراوە، یەکێك لە کێشە تەندروستییەکانیش خەوی ناتەندروستە. کۆمپانیایەك بە داهێنانی ئامێرێك خەونی ئەندامانی بنەماڵەیەك دەخاتە ژێر چاودێرییەوە. ئامێرێکە کە بە hugone ناسراوە، خەوی هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە دەخاتە ژێر چاودێری، ئەو زانیارییانەی وەریان دەگری بۆ مۆبایل بەرێ دەکات.



# کاتژمێر لەنێوان کلاسـ

گەلێك جاران دیزاین و ســـتایلی ئامێرێك كە بەلای ئێمە ســـەردەمی بەســـەرچووە و كەوتۆتەوە مێژووەوە جارێكـــی دیكە لە قۆناغێكی دیكەدا لایەنگری زۆری دەبێت. لە جل و بەرگ و شـــێواز و مۆدێلیشـــدا هەروایە..

كاتژمێری دەست گەرچی بە داهاتنی مۆبایل تا رادەیەك لە برەو كەوتبوون، بەڵام ئێستا كاتێك كاتژمێری ژیرۆك هاتنە بازاڕەوە، دیسان لایەنگریان زۆر بووە. كاتژمێری كلاسیكیش گەرچی وەك پێشوو باویان نەماوە،

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

ڕەنگە بۆ زۆر كەس ئەم مانشـــێتەی سەرەوە جێگای تێڕامان بێت، بڵێن ئاخر ســـڕینەوەی پرۆگرامەكان هیچ كێشـــەیەك نییە، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ بڵێم ســـڕینەوەی پرۆگرامەكان و نەزانینی سڕینەوەی كێشەیەكی گەورەیە..

چەند پرۆگرام هەن كە ئەركیان سڕینەوەی پرۆگرامە دانراوەكانی ســـەر سیســـتەمە، یەكێك لەو پرۆگرامانە advanced unistallerە، هەروەك لە ناوەكەی ڕادیارە بەشـــێوەیەكی تـــەواو ئەو پرۆگرامانەی دابەزیون بەتەواوی دەســـڕێتەوەو گشت شـــوێن پێیەكان نامێنن. ئەو پرۆگرامانەی لەبەشـــی add/removeدا ناســـڕێنەوە بەو پرۆگرامە دەسڕێنەوە. جگە لەوەش پرۆگرامە ئەم كارانەش ئەنجام دەدات:

- ڕێكخســـتنی ئەو پرۆگرامانەی كاتـــێ هەڵكردنی كۆمپیوتەر دەكرێنەوە.
- توانای ڕێكخســـتنی تـــەواوی ئەو فۆنتانەی لەســـەر ویندۆز دابەزیون.
- ڕێكخستنی پرۆگرامەكانی كۆنترۆڵ پەنەل.
- توانای ناسین و سڕینەوەی فایلە زیادەكانی ویندۆز.
- توانای سڕینەوەی فۆڵدەر و ئەو فایلانەی ناسڕێنەوە.







## پۆلیس لە پشت دیواریشەوە دەبینێ

پۆلیس و پیاوانی ئاسایش حەز دەكەن بەرلەوەی شوێنێك بپشـــكنن، بزانن لە خانوویەكدا چەند كەسی تێدایە و كێ لە حاڵەتی جووڵەدایە، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕدا زۆر گرنگە كە بزاندرێ لە خانوو و باڵەخانەیەكدا كێی تێدایە. ئامێـــری range-R ئەو ئامێرەیە كە بەهۆیـــەوە دەتوانرێ بزاندرێ پشـــتی دیوارێك چەند كەســـی تێدایە، جووڵەیان چۆنە. هەســـتیاریی ئـــەم ئامێرە جۆرێكە كـــە دەتوانێ هەست بە هەناسەدانی كەسەكانی ناو ژوورەكە بكات و لە مەودای 15 مەتریشـــەوە مرۆڤەكان دەناسێنێ، بۆ قەیرانی بارمتەگرتن سوودێكی زۆری لێوەردەگیردرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێكی بەڕێز كە پێموایە قوتابی زانكۆیە دەپرســـێت، كاتێك (تێز)ی دەرچوون واتە بەحســـەكەی خۆم نووسی و ناردم بۆ مامۆستایەكی زانكۆ، لە دەرەوەی وڵات، گوتی هەموو نووسینەكانی ناو پاوەر پوینت و وردەكەت تێكچووە و تێكەڵ پێكەڵە، بەڵام لەلای من وا نییە، ئێستا چ بكەم كە مامۆستاكەشم بە تێكەڵ پێكەڵی نەیبینێت؟

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی كێشەیەك نەیەتە پێش، دەچییە سەر بەشی file>option>save>Preserve fidelity when sharing this document>Embed fonts in the file و لـــەوێ ئەو بەشە Embed fonts in the file ئەكتیڤ بكە، ئەم كردارە هەم لە پاوەر پۆینت و هەم لە ووردا دەگونجێت و فایلەكەت بەو فۆنتانەی كە فایلەكەت پێ نووسیوە بۆ لایەنی بەرامبەرت بەرێ دەكات.



## ـــــــیک و سمارتدا

بەڵام کۆمپانیای LG هەوڵیداوە بە تێکەڵکردنی کاتژمێری کلاســیك و ژیروك ستایلێکی نوێ دابهێنێ. کاتژمێری جۆری urbane کە سیتسەمی ئەندرۆیدی لەسەرە لە کاتژمێرێکی کلاسیکی دەچێــت، هەتا لێی ورد نەبییەوە نازانێ کە کاتژمێرێکی هۆشـــمەندە. ئەم کاتژمێرە هۆشـــمەندە سیســـتەمی تۆمارکردنی لێدانی دڵی هەیەو وەك کاتژمێرە سمارتەکانی دیکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و پەیوەندییە هاتووەکان نیشان دەدات..

## پەنجەی شەشەم لە تەکنەلۆژیای دیجیتالیدا

پەنجەی شەشـــەم بەو ئامێرە بچووکە دەڵێن کە شـــێوەی بازنەیی هەیـــە و بەقەد دوگمەیەکی گـــەورە دەبێت. ئەم پەنجەیـــە بۆ ئەوەیە کاتێك کە نیـــازت هەیە گەمەیەك، یا فیلمێك یان شتێکی نیوەچڵ لەسەر تەبلێت و یان لاپتۆپی لەمسی جێ بهێڵێ، وەك پەنجەیەك لەو شوێنە بمێنێتەوە و کاری پەنجەی دەســت ئەنجام بدات و بە کورتی تەبلێت و لاپتۆپ و مۆبایلەکە لە حاڵەتی هۆشیاریدا بێڵێتەوە.

بەرهەمهێنەرانی پەنجەی شەشـــەم ئاماژە بەوە دەکەن، کـــە بەهۆی هۆگـــری زۆرمان بە گەمـــەی ئەلکترۆنی Thfinger6مان بەرهەم هێنا. کێشـــی ئەم پەنجەی شەشـــە 35 گرامـــە، بارســـتاییەکەی وەك دوگمەیەکـــی گەورە دەبێت. جگە لەوەش دەکرێت شـــوێنی پەنجەی دەســـت بۆ کۆمپیوتەری لەمسی و مۆبایل و تەبلێت بگرێتەوە.





## چەقۆی جۆکەری دیجیتالی

ئەگەر بۆ نیو سەدە دواتر بگەڕێینەوە، دەزانن کە چەقۆی جۆکەر هەبوو هەرچەندە ئێســـتاش لە بازاڕدا گیر دەکەوێت، چەقۆی جۆکەر کە بە چەقۆی سویسریش ناسراوە، چەقۆیەك بـــوو کە هەندێکیان زیاتر لە ئامـــرازی لەخۆیدا کۆکردبۆوە، وەك: چەقۆ، کەوچك، چەتاڵ، دەرنافیز، مەقەســـت....تاد. لەم دواییەدا ڤێرژنە دیجیتالییەکەشـــی کەوتۆتە بازاڕ ئەویش ئامێری جۆری kiitag2یە. ئەم ئامێرە ســـتایل و دیزانەکەی زۆر وەك چەقۆی دیجیتال دەچێت. بەو جیاوازییەی کە زۆرتر بە کەڵکی ئامێرە دیجیتالییەکان دێت، وەك شـــەحنکردنەوەی مۆبایل، فلاش میمۆری، کارت ریدەر.. چەندین ئامێری دیکە کە لە ڕێگای مۆبایلەوە دەکرێت سوودیان لێوەربگیردرێت...



## سایتێک بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت

ئەوانەی تەنیا یەکجاریش سەردانی ئینتەرنێتیان کردبێت دەزانن سایتی گوگڵ چ خزمەتگوزارییەکی گرنگ لەخۆ دەگرێت بۆ دۆزینەوەی ئەوەی مەبەستتە.. بەڵام بازنەی دۆزینەوەی گوگڵ زۆرتر وێنە و سایتە و هەندێك بەڵگەنامەش..
سایتی dojax ئەم سایتەیە کە بازنەی بەدواداگەڕانی تایبەتە بە دۆزینەوەی بەڵگە و دوکیۆمێنت، هەموو جۆرە فۆرماتێکی دەق لەخۆی دەگرێت وەك ورد، تێکست، PDF...تاد. زۆر بەخێرایی سێرچ دەکات و بەرلە چوونە سەر بەڵگەنامەکان، لە پێشدا روونووسێك نیشان دەدات بزانی بەراستی ئەوە مەبەستەکەی تۆیە. سەرێك لەم سایتە بدەن بێگومان سوودی هەیە.